www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:25 14-2-2007

## چیتر سەرباز چارەسەر نیە، ماڵەکە جیاکردنەوەی گەرەکە!! ... هێمن میرانی

ئەوەی لە چارەسەر کردنی هەر کێشە و گرفتێك پێویستی لە پێشینەیە، دیارکردنی خودی کێشەکە و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشە سەندنیەتی، لە زانستی سیاسیەتیش دیارکردنی ورد و بە دیقەتی کێشە و تەنگەژەی سیاسی سەرەتای هەڵنانی هەنگاوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و رێگە چارەی دەرباز بوون لێی، ئەوەی لە ئێستای عێراق بەرجەستەیە کێشەیەکی تێکهەڵچرژاوی سیاسی و ئیتنی و تایفی و ئەمنی و ئابوری و کلتورییە لە ناوەخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی، بۆ بارودۆخی عێراق هەڵگری ئەوەندە رەهەندی جیاجیایە؟ ئەگەر بەوردی لە بارودۆخی ئێستای ئێراق وردبینەوە دەبینین هەڵە دەکەین گەر پێمان وابێت نا سەقامگیری ئاسایش تەنیا سەرچاوەکەی تیرۆریستەکانی سەر بە تۆڕی قاعیدەن و دەیانەوی حساباتی خۆیان لە گەڵ ئەمریکا لەسەر پشتی هاوڵاتیانی ئێراقی هەژمار بکەین، هەڵەش دەکەین گەر ئەوان لە هاوکێشەکە بەرینە دەرەوە، لە لایەکی دیکە ناکری ئەو شەرە تایفیە ئاشکرا و روونە دان پێنەنێین کە رەنگە لە مێژووی هەموو عێراق هاوتای نەبووبێت و بە چەشنێك تەشەنەشی کردووە سیاسیەکانی نێو حکومەت لە هەردوو بەرەی سوونە و شیعە (جگە لە کورد) دوو روانە مامەڵە دەکەن و دەسکەوتی سیاسی و پۆست و پلەو پایە رێی ئەوەی لێگرتوون کە راستیەکانی سەر شەقام بخەنە نێو لێدوانە رەسمیەکانیان بۆ ئەوەی هەر لایەنی کەم هەوڵ بدری چارەسەرەکان لە سەر بنەمای دروست بینا بکرێن، ئێستا سەرچاوەی هەموو کێشەکانی عێراقی نەبوونی سەقامگیری و ئەمنیەتە بۆ ئەوەی ژیان بڕوات بەرێوە و حکومەت بتوانێت لە کونجی گرین زۆن سەردەربکات و ئیدارەی ئەو هەموو نەهامەتیە بکات کە لەدوای 2003 ەوە بە سەر گەلانی عێراق هاتووە، تا ئێرە بە دروستی باس دەکرێت بەڵام ئەوەی کێشەی سەرەکیە خۆمانی لی دەبورین، بە حکومەتی ئێراقی و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیش، کێشە ئەمنیەکان لە نەبوونی سیاسەتی نیشتیمانی کارکردن سەری هەڵداوە، لە هەموو پێکهاتەی حکومەتی ئێراقی ئێستا کەس هێندەی کوتلەی کوردی گرێدراو نیە بە کیانێك پێی دەگوترێت ئێراق، ئەوەی دیکە چ لە ناوەوە وچ دەرەوەی حکومەت هەژموون و دەسەڵاتی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ قازانج و بەرژەوەندی تایفی و مەزەبی و تاکە کەسی، جیاوازیەکان روو لە زەقبونەوەی زیاترن، شەڕی تایفی و کوشتن لە سەر ناو و ناسنامەی مەزەبی و نەتەوەیی (بۆ کورد لە هەندی شوێنی شۆڤینیستی عەرەبی) گەیشتۆتە ئاستێك ئەمریکاش چیتر ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، راپۆرتەکەی 2007/2/2 ی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ناوهێنان و ئاماژەی روونی تیایە کە هێما بۆ خراپی و لە دەست دەرچوونی بارودۆخەکە دەکەن و رۆبەرت گیتس ی وەزیری بەرگریش پۆلێنی شەڕەکانی بۆ شیعە – شیعە لە باشور و شیعە – سونە لە بەغدا و دەوروبەرەکەی و گروپ و رێکخراوە چەکدارەکانی پاشماوەی بەعس لە گەڵ سوپای عێراقی و هاوپەیمان و رێکخراوی قاعیدە و سوپای عێراق و هاوپەیمان کردووە، وەکو ئاماژەیەك بۆ فرە رەهەندی تەنگەژەکە کە پێویستی بە فرە میکانیزم هەیە بۆ چارەسەرکردنیان نەك تەنیا میکانیزمێك کە شەڕو هێزی سەربازییە، رەنگە بەشێك لەو کێشانە لە دەست خودی عێراقیەکان خۆیان بێت و پێویست بکات حەکیمانە و واقیعیانە لە بارودۆخەکە بڕوانن و بەزەییان بەو کوشتارە رۆژانەی هاوڵاتیانی مەدەنی بێتەوە کە لە هەموو تەمەنی دەوڵەتی ئێراق و لە سەردەمە جیاجیاکانی پادشایەتی و کۆماری و بەعسی و عەلاوی وجەعفەری و مالیکیش وەکو مرۆڤێکی ئاسوودە نەیان توانیووە گوزەران بکەن، بڕیار و چارەسەری ئەو کێشانە پێویستە هەردوو لایەنی شەڕکەر کە سوونە و شیعەن لە نێو خودی عێراق بیدەن نەك شیعەکان لە ئێرانەوە و سوونەکانیش لە سوریا و سعودیە و میسر و ئەردەنەوە تەلقین بدرێن، ناوهێنانی شەری تایفی و دانپیانانی بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارەی دروست دەکری ببێتە سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی چارەسەر یان دۆزینەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:25 14-2-2007

ڕێگەی ئیدارەکردنی ئەو کێشانە، چونکە وەکو زۆرێك لە چاودێرانی سیاسی و توێژەرەوە نێودەوڵەتیەکانی گرنگیدەر بە بارودۆخی ئێراق وای بۆ دەچن زۆر ئەستەم بووە لە عێراقێکی یەکگرتوو ئاشتیانە بتوانرێت ئەو فرە پێکهاتەیەی کۆمەڵگای عێراقی گوزەران بەیەکەوە بکەن کە دوژمنایەتی و خوێن و ڕقوکینەی گەورەیان کەوتۆتە نێوان، بە تایبەت هەردوو مەزەبی شیعە و سوونە کە خاوەنی مێژوویەکی درێژی جیاوازی و ناکۆکیشن، بۆیە چارەسەرەکە هەر ئەوە دەبێت کە لەزووەوە پێشبینی دەکرا ئەویش هەڵوەشانەوەی ئەو کیانەیە کە ئێستا خۆی هەڵوەشاوەتەوە و لە قۆناغی شەڕ و ململانێی هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکانیەتی، ڕەنگە بۆ ئێستا ئیدارەکردنی ئەو کێشە مەزەبی و شەڕە تایفیە پێویستیەکی زێدە بە بایەخ بێت بۆ ئەوەی چیتر خوێن نەڕژێت و بارودۆخەکە زیاتر پەرەنەسێنێت، چونکە گەر ئەو ئیدارەکردنە نەیەتە ئارا کە پێویستی بە چوونە ژێر باڵی ئەو داخوازیانەیە کە پێش و دوای ڕووخانی ڕژێمیش سەرکردایەتی کورد بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی بانگەشەی بۆ کرد، دەنا بە پێچەوانەوە وەکو لە دواین ڕاپۆرتەکەی CIA یش هاتووە گەر تا 12 یان 18 مانگی دیکە چارەسەری ئەو شەڕە تایفیە نەکرێت ئاسایش هەر نامێنێت، ڕەنگە ئەوسا ئەمریکاش چیتر ئەو قەناعەتە نەشارێتەوە کە سەرباز چارەسەری ئەو بارودۆخەی پێناکرێت، دەبێت شیوی (خواردن) ئەو منداڵە ناکۆکانە لێك جابکرێتەوە و هەرکەسە و بخرێتە ژووری تایبەتی خۆی.

merany@rojev. org

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.